# کاریگەریی ئینتەرنێت لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان

**سارینا برایم حوسێن**
بەشی مێدیا ، پەیمانگای ناحکومی نۆبێڵ- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەمڕۆ ئینتەرنێت بوە بە بەشێک لە ژیانی گەنجان یان ئەوەی پێی دەگوترێت ستایلی ژیان. گەنجانی هەرێم جگە لە کاتبەسەربردن بە ئینتەرنێت، بۆ خزمەتگوزاریی جیاوازیش بەکاریدەهێنن. زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەشێ ببێتە هۆی نامۆبون. نامۆبون یەکێکە لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسان، چونکە کەسانی نامۆ چیتر تاکی بەرهەمهێنەر نین لە کۆمەڵگاداو لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان بەدوردەگرن. ئامانج لەم توێژینەوەیە زانین یان پێوانەکردنی کاریگەریی ئینتەرنێتە لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان، بەوەی گەنجانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر کاتەکانیان بە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە بەسەر دەبەن. دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە دەبنە هۆی نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان، هەروەها زانینی جۆری پەیوەندیی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان. دەمانەوێ ئەوە نیشان بدەین ئینتەرنێت لەو ڕووەوە چەندە کاریگەریی هەبوە، هەروەها ئەو کاریگەرییە بەپێی ڕەگەز چۆنە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پشت بە ڕوپێوی کۆمەڵایەتی دەبەستێت و نمونەیەکی لە گەنجانی شاری هەولێر وەرگرتووە لە تەمەنەکانی نێوان ١٧-٣٠ ساڵی، هەروەها لە پیشەی جیاواز، ئاستی خوێندنی جیاواز، هەوڵدراوە باڵانسی جێندەریش ڕرەچاو بکرێت. ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەم ئەنجامانە بەپێی هێزی بڕگەی تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت تەنیا بێمانایی لە ئاستێکی بەرزدایە. هێزی بڕگەی هەرسێ تەوەری (گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی و ئامانجەکان) لە ئاستێکی ناوەند دایە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئینتەرنێت کاریگەریی لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان هەیە لە شاری هەولێر. گۆڕاوەکانی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ڕەگەز جیاوازیی ئاماری نیشان نادەن.

**وشە سەرەکییەکان:** نامۆبون، خوگرتن، گەنج، ئەنۆمی، بێمانایی.

## پێشەکی

بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەنێو نەوەی نوێی کۆمەڵگادا زۆر بەربڵاوە و بەشێکی گرنگی ژیانی ئەو گەنجانە پێکدەهێنێت. ئەمڕۆ ئینتەرنێت بوە بەشێک لە ژیانی گەنجان یان ئەوەی پێی دەگوترێت ستایلی ژیان. گەنجانی هەرێم جگە لە کاتبەسەربردن بە ئینتەرنێت، بۆ خزمەتگوزاریی جیاوازیش بەکاردەهێنن، لەوانەش: کڕین، کۆکردنەوەی زانیاری، گفتوگۆ لەگەڵ بەکارهێنەرانی تر و دروستکردنی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان و نمایشکردنی خود (لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا) و چەندین چالاکیی تر. هەر بۆیەشە هیچ ڕەهەندێکی ژیانی گەنجان لە کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت بەدەر نییە. بەکارهێنانی زۆری ئینتەرنێت لای گەنجان وادەکات لە باوەڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان دوربکەونەوە و بچنە ناو پەیوەندییە مەجازییەکان. بە کەمکردنەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕوبەڕو و پەیوەندییەکان لە جیهانی واقعیدا دەتوانێت ببێتە هۆی زاڵبونی هەستی تەنیایی و دابڕانی کۆمەڵایەتی.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ ئادار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٩ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: sarinabraiem@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ سارینا برایم حوسێن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

یەکێك لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بەدەستییەوە دەناڵێنێت زۆربونی ڕۆژلەدوای ڕۆژی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتە بەشێوەیەکی خێرا و بەرفراوان. هەروەها خوگرتن بە ئینتەرنێت بۆتە بەشێک لە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان، بەتایبەتی گەنجان. بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەکو یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەو مەسەلانەی کە لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا باوە، بۆتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کارلێکی تاکەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، هەروەها ناسینی کولتوری وڵاتانی دیکە و بازرگانیکردن و ئاگاداربون لە دەنگوباسەکانی جیهان. بە هەنگاونان بەرەو سەردەمی زانیارییەکان و کۆمەڵگای تۆڕەکان لە زۆربەی کایەکاندا شایەدی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی ئینتەرنێت بوین، وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندنی نوێ و یەکێک لە گرنگترن ئاکامەکانی شۆڕشی تەکنەلۆجی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەگەلێکی نوێ لە ئەنجامی تێکهەڵکێشکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەم سەدەیەدا. ئەم تۆڕانە، کە لە ساڵانەی کۆتاییدا باشتر فۆڕمالیزە بون یان دروست بون، چەند تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی مەجازین کە بەوەرگرتنی ئەندام بێبەرامبەر، بەکاربەرانیان توانیانە لە زۆر پڕۆسەی جیاوازدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن. (عطاردی رجبی، ٢٠١٩: ١١٠). دوای ئەوەی ئینتەرنێت دەبێت بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکان و کاتێکی زۆری ژیانی خۆیان بۆ ئینتەرنێت و چالاکییەکانی ئینتەرنێت تەرخاندەکەن، جیاوازی لەبارەی تەندروستی یان واقعی خوگرتن بە ئینتەرنێت، لە نێوان پسپۆڕان سەرهەڵدا، بەبەراورد بە جۆرە ناسراوەکانی دیکەی خوگرتن وەک خوگرتن بە ئەلکهول و مادە هۆشبەرەکان. ئێستا

کۆمەڵەی پزیشکانی دەرونی لە ڤێرژنی چوارەمیدا لە ڕێنمایی دەستنیشانکردن و ئاماری شلەژانە دەرونیەکان دانی بە خوگرتن بە ئینتەرنێت داناوە و تۆماری کردووە. بەمەش ئێستا زاراوەی خوگرتن زاراوەیەکی لە جاران فراوانترە، چونکە جاران بۆ هەندێک بابەتی تایبەت بەکاردەهات (طالة، ٢٠٢١: ٢٠٩).

لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت بۆ کۆمەڵگای ئێمە پێویستە، واتە گرنگە بزانین خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەو شێوە زۆرە لای گەنجان چین. هەروەها وێڕای ئەوەی کە دەزانین ئینتەرنێت چەندە کارئاسانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی ئێمەدا دروستکردووە، بە شێوەیەکی تیۆری و کردارەکی تیشک بخەینە سەر خاڵێکی نەرێنیش لە پەیوەندیدا بە ئینتەرنێت کە ئەویش دروستکردنی هەستی نامۆییە و دابڕانی تاکە لە دەوروبەرەکەی.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: ئایا گەنجانی شاری هەولێر، دوای ئەوەی کاتێکی زۆر بە ئینتەرنێتەوە (ماڵپەڕ، لاپەڕە، سۆشیال میدیا و بلۆگ ...) دەکوژن، چەندە لە جیهانی واقعی دورکەوتونەتەوە؟ لە ئەنجامی سەرقاڵبونی زۆریان بە ئینتەرنێتەوە، پەیوەندی و کارلێکەکانیان بووە بە مەجازی و لە ئەنجامی ئەوەشدا نامۆبونە و هەستی نامۆیی چەندە لای ئەوان ڕەنگیداوەتەوە؟

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە کاریگەریی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر نامۆبونی گەنجان لە شاری هەولێر، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە سەرەکییە بەپێویستی دەزانین چەند وردە ئەنجامێک دەستنیشان بکەین لە چەند خاڵێکدا:

دەستنیشانکردنی هەستی نامۆیی لای گەنجانی شاری هەولێر.

دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕاوانەی دەبنە هۆی نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان.

زانینی جۆری پەیوەندیی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان.

## ١. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

فەلسەفەی ئایدیالیستیی ئەڵمانی، چەمکی نامۆبونی لە کۆمەڵناسیی مۆدێرندا ناساند. هەرچەندە هەندێک لە تیۆریستەکانی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گرۆتیۆس، هۆبز، لۆک و ڕۆسۆ ئەو چەمکەیان بۆ ڕونکردنەوەی مافە کەسییەکان، ئازادی، دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگا یان ڕێکخراو بەکارهێنا. ئەوان نامۆبونیان بە خوازراو زانی. ئەوە هیگڵ بو کە چەمکی نامۆبونەکەی خستە سەر بنەمایەکی شیکاری و بنەمایەکی فیکری بۆ تێگەیشتن لە کێشەی نامۆبون لە کۆمەڵگەی مۆدێرن (Sarfraz, 1997: 46).

چەمکی نامۆبون لە مارکسیزمدا، نەک هەر نەبونی کۆنترۆڵ و سەربەخۆیی و خاوەندارێتی بەسەر کارەکەی مرۆڤدا، بەڵکو ئاماژەیە بۆ پێشکەشکردنی کار بە ئاراستەی کەسێکی دیکە (Sarfraz, 1997: 47). بەم پێیە نامۆبون بۆ مارکس دیاردەیەکی تەواوەتییە کە هەمو بارودۆخی مرۆڤی تێدایە. نامۆبون بە واتای دەسەڵاتێکی نامرۆڤانە لە هەمو شوێنێکدا باڵادەستە (Ludz,1976: 17).

لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا، نامۆبون بە پێی کالێکین فیشمان، ئاماژەیە بۆ کارایی خەڵک لە ئەزمونکردنی کۆی کریستاڵکراو، چ لە جیهانی کۆمەڵایەتی و چ لە خوددا. بەپێی وتارەکەی سیمان لەبارەی مانای نامۆبون، کەسایەتییە ناوەندییەکانی نامۆبون لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا بریتین لەو تاکە هاوتەرییە، پەراوێز و وەسوەسەیی، بێنۆرم و گۆشەگیرەکان. بەم پێیە، نامۆبونی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە نێوان کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکاندا دەردەکەوێت و کاریگەریی لەسەرە ( Najafibabanazar, 2018: 15).

کۆمەڵناسەکان تەنیایی وەک جۆرێک لە نامۆبون دەبینن، کە لە غیابی ئینتیما لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەدۆزرێتەوە. کاتێک پیاوێک دەڵێت زۆرجار هەست بە تەنیایی دەکات، ئەوە ڕونە کە ئەو جیاوازە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پچڕاوە یان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەندە نییە، کە دەتوانێت بە کۆبونەوەی ئەوان بەسەر تەنیایی خۆیدا زاڵبێت (Saleem & Bani-ata, 2014: 71).

لە پێداچونەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکدا سەبارەت بە نامۆبون، کە سیمان لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاویکردەوە، بۆی دەرکەوت هەستی ئەویتربون بەلایەنی کەمەوە بە پێنج شێوازی جیاواز وەسف کراوە. ڕەنگە ئەزمونی نامۆبون وەک بێدەسەڵاتی بەسەردا بێت، بێتوانایی لە بەکارهێنانی هێز بۆ زاڵبون بەسەر ئەو سەختییانەی کە مرۆڤ ئاگادارییە؛ بێمانایی، بێتوانایی لە پێشبینیکردنی دەرئەنجامی کردەوەکانی مرۆڤ؛ بێنۆرم، یان ئانۆمی، بێتوانایی لە تێگەیشتن لەوەی کە چ نۆرمێک حوکم دەکات کە ئەزمونی جێگیر کردووە؛ خۆپاراستن، بە شێوەیەک کە وا دەکات بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ مەحاڵ بێت؛ و دەبێتە هۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی ( Fishman, 2006: 523).

### ١-١ پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: ئینتەرنێت** (Internet):

وشەی ئینتەرنێت Internet لە International network وەرگیراوە، واتە تۆڕی جیهانی، بریتییە لە تۆڕێکی زەبەلاح و گەورەی کۆمپیوتەری بەیەکەوە بەستراو، لەڕێگای هێڵەکانی پەیوەندیکردنە جۆراوجۆرەکان. (عليان و غنيم، ٢٠١٣ :١٧٩).

ئینتەرنێت، بریتیە لە تۆڕێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەستنی پەیوەندی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسێک لەگەڵ کەسێکیتر، هەندێجاریش بەهۆکارگەلێکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی خەڵکانی زیاتر دەکرێت بۆ بەستنی پەیوەندییەکان (Schaefer, 2005: p110)

لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەواڵ و زانیاری بەشێوەیەکی بەرفراون بڵاودەبنەوە، هاوکات لەگەڵ بەدیهێنانی کارلێکێکی زیندو لەنێوان تاکەکاندا (Aitcheson, Lewis,2003: 96). ئێستا، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە وڵاتە پێشەسازییەکاندا، کردارێکی باوە لە ژیانی ڕۆژانە. بۆیە زۆربەی خەڵک بەبێ ئینتەرنێت هەڵناکەن، بەڵام بەرزبونەوەی خێرایی ئینتەرنێت چەندین مشتومڕی لە سەلامەتی و ئاسایش دروستکردووە، ئێستا ئینتەرنێت لە ڕوی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگە، هەروەها لە ڕوانگەی دەرونییشەوە پەیوەندییەکان پشتگوێ دەخات (Baaji, 2012: p 4).

مێژوی ئینتەرنێت، بۆ کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە. چەمکە سەرەتاییەکانی ئەو تۆڕە لە تاقیگە کۆمپیوتەرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پلەی یەکەم و دواتریش بەریتانیا و فەڕەنسا گەڵاڵەبون. لە دەیەی ١٩٨٠ ئینتەرنێت پێی نایە ناو قۆناغی بازرگانی، لە ساڵی ١٩٨٦ ژمارەی میوانەکانی (Internet hosts) ئینتەرنێت گەیشتە ٥٠٠ کەس و لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٠.٠٠٠ کەس زیادیکرد. بەرەبەرە ئەم ژمارەیە زیادیکرد تا لە ١٩٨٩ ژمارەی ئەوانەی پەیوەندییان کرد بە تۆڕی NSFnet گەیشتە ١٨٩.٠٠٠ لە وڵاتەکانی ئوسترالیا، ئیتالیا، ئیسرائیل، بەریتانیا، یابان، ئەڵمانیا، نیوزلەندا، مەکسیک، هۆڵەندا و پۆرتەریکو (Cohen-Almagor, 2013).

سەبارەت بە عێراق لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٩٠ و دروستتریش لە ١٩٩٨ ئینتەرنێت بۆ هەندێک دامەزراوە (زانکۆیەکان، بانکەکان، فەرمانگە حکومییەکان و دامەزراوە سەربازییەکان) بەردەست بو. بەم شێوەیە بەرەبەرە گەیشتە ماڵەکان و لەساڵی ٢٠٠٠

نزیکەی ١٢.٥٠٠ بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە عێراق هەبو، هەروەها ٥٠.٠٠٠ ئیمێل لە عێراق دروستکرابو. لە ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گەیشتە ٣ ملیۆن کەس و لە ٢٠٢٠ گەیشتە ٣٠ ملیۆن کەس (العلاف، ٢٠٢٣).

**دووەم: گەنج: (Youth)**

چەمکی گەنج لەڕوی پێناسە و ڕونکردنەوە و دیاریکردنی قۆناغەکانی، گفتوگۆ و نوسینی زۆری لەسەر کراوە بەوپێیەی کە پەیوەستە بە زۆرێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، کە لە هەریەکەیان بەپێی سروشت و میتۆدی زانستیی خۆی، پێناسەکراوە (الذیفاني، 2001 ، ص 17).

لە پێناسەیەکی زۆر گشتیدا، گەنجایەتی قۆناغێکی ژیانە لە نێوان تەمەنی منداڵی و پێگەیشتوییدا. ئەمە وەک سەردەمی تاقیکردنەوە لەگەڵ ڕۆڵ و ناسنامەکان وەسفدەکرێت، کە هێشتا لە باری نۆڕم و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بەتاڵە، بەڵام هیواش هیواش گەنجان بۆ ژیانی خۆیان وەک ئەندامێکی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی خۆئامادەکردندان. لە ماوەی ئەم پرۆسەیەی تێکەڵبونی کۆمەڵایەتیدا، گەنجان خۆیان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزدا دەبیننەوە، کە لە توخمەکانی وەک نەریت، مێژو، داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان، هیواکان و چاوەڕوانییەکانی داهاتوی تاکەکەسی پێکهاتووە، کە هەمویان دەبێت لە وێنەیەکی یەکگرتودا تێکەڵ بکرێن، بۆ ئەوەی بناغەیەکی گونجاو بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان بنیات بنێن. پێویستە هەنگاو بە هەنگاو ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی نوێ بەدەستبهێنن و مەودای کارە کۆمەڵایەتییەکانیان فراوان بکەن (Valeska,2015,5) .

"گەنج" بەشێوەیەکی ئاسایی بە کۆمەڵە مرۆڤێک پێناسە بکرێت، کە گەیشتوونەتە کۆتایی تەمەنی هەرزەکاری، بەڵام هێشتا تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژیانی پێگەیشتویان بەدەستنەهێناوە. یەکێک لەو ماف و ئەرکانە هاوسەرگیری و بەدەستهێنانی بژێویی ژیانە، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خێزانەکەی (Friedmann,F.G, 1971, 9).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە گەنجان ئەو گروپەی دانیشتوانن کە تەمەنیان لە نێوان ١٧-٣٠ ساڵیدایە.

**سێیەم: نامۆبونی کۆمەڵایەتی:** (Social alienation)

نامۆبون بە واتای (هەستکردن بە نەبونی ئاسایش و دڵنیایی بەرامبەر ڕۆژانی داهاتو، ئەویش بەهۆی خێرایی گۆڕان و گومان لە پەیوەندییە مرۆییەکان، یاخود دروستکردنی هەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خەڵکانی دی، گومان لە ئەخلاقیات و ڕێساکانی ڕەفتارنواندن، باوەڕبون بەوەی بەها مادییەکان لە کۆمەڵگا بەهای زاڵن) (عبدالله، 2010، 6).

ئینسکلۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکا نامۆبونی کۆمەڵایەتی بە دابڕانی کەسایەتی لە لایەنە گرنگەکانی جیهانی دەرەکی پێناسە دەکات. سرول (Srole )ی کۆمەڵناس نامۆبون بەوە پێناسە دەکات، کە بریتیە لە هەستکردن بە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگا و کشانەوە یان هەڵگەڕانەوە لە کۆمەڵگا، لەبەرامبەر ئەمەدا هەستی ئینتما بۆ ئەوانی دیکە هەیە. لە کاتێکدا کینستۆن (Keniston) پێیوایە نامۆبون بریتیە لە ڕەتکردنەوەی بەها باوەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئاشکرا (الصبیحي و الموسی ، ٢٠٢٠، ٢١١ ).

لەم توێژینەوەیەدا نامۆبونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەستی گەنجان بەرامبەر دورکەوتنەوە و پەراوێزبونیان لە کۆمەڵگاو نادڵنیاییان لە ئاینده و هەستکردن بە پوچگەرایی.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین تیۆرەکانی نامۆبون لە دو بواری تیۆریی کۆمەڵناسی و دەروناسیدا جێگە بکەینەوە. لە بواری کۆمەڵناسیدا، بە گشتی دو ئاراستەی فیکری و کایەی تیۆری، واتە تیۆری سیستەمی کۆمەڵایەتی و تیۆری ڕەخنەیی، لە بارەی نامۆبونەوە هەن. لە بواری دەروناسیدا بە هەمان شێوە، دو ئاراستە هەن؛ گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان و زانینی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر نامۆبون، زیاتر لە هەمو زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی بیرمەندە کۆمەڵناسەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە (رضایي و دیگران، ٢٠١٥، ٨٦). نامۆبون کە بەشێک لە کۆمەڵناسان و دەروناسانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی فراوان بۆ ڕونکردنەوەی هەندێک جۆری کردە و پەرچەکردە، بۆ پرۆسەکۆمەڵایەتییەکان، فاکتەکانی دەوروبەرمان، گوشارە دەرونییەکان، ڕونکردنەوەی دابڕانی تاک لەسیستەمی بەهاکان، بیروباوەڕەکان، نۆرمەکان، ئامانجە کولتورییەکان سودی لێوەردەگرن، لەوچەمکانەیە کە لە مێژوی هزری کۆمەڵایەتیدا پێشینەیەکی دورودرێژی هەیە. چەمکی نامۆبون بەتایبەتی لەپەیوەستبونی بە کارەوە، یەکەمینجار بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە بەرهەمەکانی کارل مارکسدا خرایەڕو، تەنیا وەسفی نامۆبون و ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کرد، بەبێ ئەوەی هەوڵبدات بە سودوەرگرتن لە میتۆدی زانستی لێبکۆڵێتەوە. (محمد علی، ٢٠٠٩، ٢٦).

بەگوتەی مارکس، مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو بتانەی کە خۆی دروستیکردون، بە فیداکردنی خۆی لە ڕێی ئەوان توشی نامۆبون دێن. ئەو نامۆبونە دەشێ سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیش بێت. ئەو، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو بتانە بۆ خراپ سودوەرگرتن و نائومێدی و هەستکردن بە نادڵنیایی دەگەڕێنێتەوە و هۆکاری نامۆبون بۆ بونیادە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان و باڵادەستیی بەرهەمهێنانی مرۆیی دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ خاوەنداریەتیی تایبەت و دابەشکردنی کار. مارکس ڕێگای ڕزگاری لە نامۆبون بە گەیشتن بە هۆشیاریی ڕاستەقینە لە سەرهەڵدانی سیتەمێکی ئابوری و سیاسیی پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە (خلیل، ٢٠١٩، ٦٥٩)

دورکهایم (1976) نامۆبون وەک دەرئەنجامی بارودۆخێکی ئەنۆمی یان "نەبونی ئامراز و نۆرمە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێنماییکردنی هەڵسوکەوتی کەسێک بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە کولتوورییەکان دەبینێت(Sarfraz, 2015,49) . کە نامۆبونی کۆمەڵایەتی هەستێکی دوور کەوتنەوە جیا بونەوە و نەبونی پەیوەندیی زەینی و بابەتی نێوان تاک و کۆمەڵگایە (دامەزراوەکان بونیادی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان و ئایین...) (ابراهیمی لویە و دیگران2014، 2)

نامۆبون لای دۆرکایم کە هاوواتایە بە وشەی ئەنۆمی، بە جۆرە حاڵەتێکی هزری دەگوترێت کە تاک تێدا بەهۆی پەشێویە کۆمەڵایەتیەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان تووشی سەرلێشێوان دەبێت لە هەڵبژاردنی نۆرمەکان، پابەندبون بە بنەما ڕەفتاریەکان هەروەها هەست بە پوچی دەکات. دۆرکایم لە گواستنەوەی کۆمەڵگا لە حاڵەتی هاوبەندیی میکانیکی بۆ هاوبەندیی ئۆرگانیکی ئاماژەدەکات، لە ئاکامەکانی دەکۆڵێتەوە لە شێوەی سەرهەڵدانی ئەنۆمی پەشێوی بێسەروبەری لە پەیوەندیەکان و، بنەما و بەها کۆمەڵایەتیەکان (محمد علی، ٢٠٠٩، ٢٧).

**خوگرتن: Habits**

بۆیەکەمجار زاراوەی خوگرتن بە ئینتەرنێت لە ساڵی ١٩٩٥ دا بەکارهات، کاتێک ئۆنێل (O' Nelill) وتارێکی بە ناونیشانی جادو و خوگرتنی ژیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکردەوە. لە هەمان ساڵدا ئیڤان گۆلدبێرگ دەرونپزیشک لە زانکۆی کۆلۆمبیا گوتی خوگرتن بە ئینتەرنێت شڵەژانێکی تایبەتە بە کردەوە، بەڵام ئەم چەمکە یەکسەر قبوڵ نەکرا تاکو ژنە زانای دەروناسی ئەمریکی کمبیرلی یونگ (Kimberly Young) لە ساڵی ١٩٩٦ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەناونیشانی خوگرتن بە ئینتەرنێت- سەرهەڵدانی شڵەژانێکی کلینیکیی نوێ، لە کۆنگرەی ساڵانەی

ئەنجومەنی دەروناسانی ئەمریکی بڵاوکردەوە (طالة، ٢٠٢١، ٢٠٩). خوگرتن بە ئینتەرنێت یان پەیوەستەیی بە ڕەفتاری ئینتەرنێت بەدەر لەوەی کە بەنەخۆشییەک یان ئازارێکی دەرونی یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدەین، دیاردەیەکی سەرتاپاگیرە و بەردەوام سەرهەڵدەدات، کە هاوکاتە بە شۆکی جەستەیی، دارایی، خێزانی، کۆمەڵایەتی و دەرونی. (شایق و دیگران ٢٠٠٩، ١٤٩).

ئەوەی شایانی ئاماژەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خوگرتن بە ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لای گەنجان زیاتر هەستی پێدەکرێت، بە جۆرێک گەنجان بەڕادەیەکی زۆر ئینتەرنێتی تایبەتیان هەیە لەسەر مۆبایلەکانیان و هەوڵدەدەن هیچ ساتێک بێ ئینتەرنێت نەبن، تەنانەت لەکاتی پیاسە یان دانیشتن لە کۆڕی هاوڕێیان و ئامادەبونیان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، هێندەی سەریان لەسەر مۆبایلەکانیانە و بە سۆشیال میدیاوە خەریکن، هێندە لەگەڵ دەوروبەریان لە هاوڕێ و خزم و خێزان خەریک نین.

## ٢. میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی پەسنییە، لە هەوڵی پەسنکردنێکی بابەتی، واقیعیانە و ڕێکخراوی تایبەتمەندییەکانی حالەتێک یان بابەتێکدایە (نادری و نراقی، 2004: 70). لەم توێژینەوەیەدا کە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە لەهەمانکاتدا سودمان لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو میتۆدانەی، تا ئەم ساتە، زۆر بە بەربڵاوی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سودی لێ وەردەگیرێت. هەروەها سەرەڕای گۆڕانکاریی گەورە کە بەسەر میتۆدەکانی توێژینەوەدا هاتووە، ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لە بەرەوپێشچوندایە و ڕۆژانە تەکنیکی نوێ لەبواری کۆکردنەوەی داتادا دادەهێنێت. تا ئێستا پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان خزمەتێکی زۆر بەم میتۆدە دەکەن و بە کارایی هێشتویانەتەوە.

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە گشت تاکەکان یاخود ڕەگەزەکان کە پەیوەندییان بە بابەت و گرفتی توێژینەوەکە هەیە (Bartlett, Kotrlik and Higgins, 2001:22).هەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا کە بڕیارە تایبەتمەندییەکانیان بپێورین، بە یەکە سەرەتاییەکان یان ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا ناو دەبرێن (لوی و لمی شو، 2004: 14). کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمەش هەمو ئەو گەنجانە دەگرێتەوە کە نیشتەجێی شاری هەولێرن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو توێژە (گەنجەکان) تایبەتمەندیگەلێکی هاوبەش و جیاوازیان هەیە. هەروەها ئاگادارین کە ڕێژەی گەنج، لەنێو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێریش بەرزە، کە بە دڵنیاییەوە پێویست دەکات نمونەیەک هەڵبژێردرێت لە 385 کەس کەمتر نەبێت، وەکو نمونەیەکی ستاندارد بە هەڵەی نمونەوەرگرتنی (0.5). بۆ ئەم مەبەستە توێژەر نمونەیەکی کەمێک گەورەتری وەرگرت کە دەکاتە (410) کەس لە گەنجانی شاری هەولێر. ئەم نمونەیە لە گەڕەکە جیاوازەکانی شاری هەولێر وەرگیراوە و لە جۆری نمونەی هێشوییە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم نمونەیە بۆ بەردەستنەبونی پێرستی ناو و ژمارەی دروستی گەنجان دەگەڕێتەوە، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوە فرەوانە، بۆیە توێژەر دوای پرس و ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکی پسپۆڕ، بڕیاری دا هەر گەڕەکێکی شاری هەولێر وەک هێشویەک دیاریبکرێت و کۆمەڵێک گەڕەک بە تیروپشک دیاریکران.

هەڵبژاردنی نمونە لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەدا، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت، کە دەرەنجامی سەرەکیی توێژینەوەیە. دیارە (لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانیدا زۆر سەختە توێژەر بتوانێت گشت ئەندامانی کۆمەڵگا دیراسە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم کارە پێویستی بە کات و ماندوبونێکی زۆر دەبێت، کە ڕەنگە بە ئاسانی بۆی دەستەبەر نەکرێت، لەبەر ئەوە توێژەران دەستەیەك یان گروپێك لە خەڵکی نێو کۆمەڵگاکە هەڵدەبژێرن و دیراسەکەی لەسەر ئەنجام دەدەن) (عبداللە، 2005 : 210).

بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی ڕوپێویک، دەتوانین سود لە تەکنیکی جیاواز وەرگرین؛ وەک: سەرنجدان، چاوپێکەوتنی قووڵ، ڕاڤەی ناوەرۆک، پرسیارنامە یان تەکنیکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری. وێڕای ئەوە پرسیارنامە کاریگەرترین تەکنیکە. پرسیارنامە تەکنیکێکی زۆر بونیاتمەندە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (دواس،2005: 87).

پرسیارنامەی ئێمە یان پێوەری ئێمە لە کۆمەڵێک بڕگە پێکهاتووە، کە گشت قۆناغەکانی ئامادەکرنی پێوەری بە وردی بڕیوە. سود لە پێوەری توێژەرانی دیکە و لە تیۆرەکان و لە ڕای پسپۆران وەرگیراوە. هەروەها بە پرۆسەکانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیریدا تێپەڕیوە. نمرەی ڕاستگۆیی ٨٥% و نمرەی تێستی ئەلفا کرۆنباخ بۆ جێگیری ٠.٨٣٩ بو.

### ٢-١ خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیاریەکان

### خستنەڕوی زانیاریە گشتییەکان

خشتەی (١)

تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوە نیشاندەدات

| گۆڕاو | | دوبارەکان | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 208 | 50.7% |
| | مێ | 202 | 49.3% |
| گروپی تەمەن | 17-19 | 84 | 20.5% |
| | 20-22 | 250 | 61.0% |
| | 23-25 | 66 | 16.1% |
| | 26+ | 10 | 2.4% |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 369 | 90.0% |
| | هاوسەردار | 34 | 8.3% |
| | تەڵاقدراو | 4 | 1.0% |
| | تاکمردوو | 3 | 0.7% |
| ئاستی خوێندنی باوک | نەخوێندەوار | 64 | 15.6% |
| | خوێندن و نوسین | 87 | 21.2% |
| | سەرەتایی | 64 | 15.6% |
| | ناوەندی | 57 | 13.9% |
| | ئامادەیی | 29 | 7.1% |
| | دبلوم | 30 | 7.3% |
| | بەکالۆریۆس | 62 | 15.1% |
| | خوێندنی باڵا | 17 | 4.1% |
| ئاستی خوێندنی دایک | نەخوێندەوار | 133 | 32.4% |
| | خوێندن و نوسین | 85 | 20.7% |
| | سەرەتایی | 63 | 15.4% |
| | ناوەندی | 39 | 9.5% |
| | ئامادەیی | 25 | 6.1% |
| | دبلوم | 22 | 5.4% |
| | بەکالۆریۆس | 30 | 7.3% |
| | خوێندنی باڵا | 13 | 3.2% |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp104-112

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت نمونەی توێژینەوەکە لە هەردو ڕەگەز، بەڕێژەیەکی زۆر نزیک، پێکهاتووە؛ ڕەگەزی نێر (50.7%)ی نمونەکە و ڕەگەزی مێ (49.3 %)ی نمونەکە پێکدێنن .


سەبارەت بە گروپی تەمەن، بەرزترین ڕێژەی نمونەکە کە دەکاتە (61%)، تەمەنیان لە نێوان 20-22 ساڵیدایە، دوای ئەویش، ئەوانە دێن کە تەمەنیان لە نێوان 17-19 ساڵیدایە بە ڕێژەی (20.5 %)، نمونەکە بە ڕێژەی (٩%) تەمەنیان لە نێوان 23-25 ساڵە و ڕێژەی (16.1%) کەمترین ڕێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە 26+ ساڵی بەرووەو سەرەوەیە.

سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتی، زۆرینەی نموونەکە، بە ڕێژەی (90%) سەڵتن ، هەروەها بە ڕێژەی (8.3%) هاوسەردارن، هەروەها تەڵاقدراو و تاکردو بە هەردوکیان نزیکەی (1.7%)ی نمونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن.

سەبارەت بە ئاستی خوێندنی باوک، زۆرینە بە ڕێژەی (21.2%)ی ئەندامانی نمونەکە، ئاستی خوێندەوارییان خوێندن و نوسینە، هەروەها نەخوێندەوار و سەرەتایی بە هەردوکیان ڕێژەی (31.2%) ی نمونەکە پێکدەهێنن هەریەکەیان بەرێژەی(15.6%)، بەکالۆریۆسیش بەرێژەی (15.1%). نمونەیەکی دیکەمان ئاستی ناوەندییە، دەکاتە(13.9%)، هەروەها ئامادەیی و دبلۆم، بەهەردوکیان نزیکەی (14.4%)یە، کەمترین ئاستی خوێندن، خوێندنی باڵان؛ (4.1%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.


سەبارەت بە ئاستی خوێندنی دایک، زۆرینە بە ڕێژەی (32.4%) ئەندامانی نمونەکە نەخوێندەوارن. هەروەها ئاستی خوێندەوار، یان خوێندن و نووسین بە ڕێژەی (20.7%)ە، بە ڕێژەی ((15.4% سەرەتاییە، هەروەها ئاستی خوێندەواریی دایکەکانیان لە ناوەندی و ئامادەیی، بە هەردوکیان ((15.6%ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدێنن. هەروەها دبلۆم و بەکالۆریۆسیش پێکەوە نزیکەی (13.7%) دەکات، بەهەمان شێوە کەمترین ڕێژە ئەوانەن کە ئاستی خوێندەواریی دایکیان لە خوێندنی باڵان بە ڕێژەی (3.2%).

سەبارەت بە باری ئابوری، دەردەکەوێت ڕێژەی بەرز ئەوانەن باری ئابورییان مامناوەندە، دەکاتە (64%)، ئەوانەش باری ئابورییان باشە ڕێژەیەکی بەرزن دەکاتە (33%). ئەو (3%)یەی دەمێنێتەوە، ئەوانەن کە باری ئابورییان خراپە.




وێنەی ژمارە (1) بە زۆری بە چ ڕێگایەک دەچییە ناو ئینتەرنێت؟

وێنەی ژمارە (1) تایبەتە بە (بە زۆری بە چ ڕێگایەک دەچییە ناو ئینتەرنێت؟)، دەردەکەوێت ڕێژەی (94.9%)ی ئەندامانی توێژینەوەکەمان مۆبایل بەکاردەهێنن، ئەوانەشی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن ڕێژەی (4.6%)ن، کەمترین ڕێژە(0.5%) ئەوانەن لە ڕێگەی ئایپادەوە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن.




وێنەی ژمارە (2) جۆری هاوبەشیت (اشتراک) لە ئینتەرنێت کامانەیە؟

وێنەی ژمارە (2) تایبەتە بە (جۆری هاوبەشیت (اشتراک) لە ئینتەرنێت کامانەیە؟). ڕێژەی(46.1%)ی ئەندامانی توێژینەوەکەمان لەڕێگای مۆبایل و سیمکارتەوە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، (44.9%) ی ئەندامان لە ماڵەوە ڕاوتەر بەکاردەهێنن، ئەوانەشی هەردوکیان بەکاردەهێنن تەنیا (9%)ی نمونەکەن.

### گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لە پەیوەندیدا بە نامۆبونی کۆمەڵایەتی لای گەنجان

بەمەبەستی دەستنیشانی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی (گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، بێمانایی و ئامانجەکان)، سودمان لە پەیوەستەیی (Correlation) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (2) دا دەردەکەوێت، پەیوەندیی گۆڕاوی ڕەگەز لەگەڵ تەوەرەکانی گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی، بێمانایی و نامۆبونی کۆمەڵایەتی لاوازە، بەم شێوەیەی خوارەوە: هاوبەستەیی نێوان گۆڕاوەکانی ڕەگەز و گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی دەکاتە 0.136 کە زۆر لاوازە، هەروەها پەیوەستەیی نێوان گۆڕاوەکانی ئەنۆمی و ڕەگەز دەکاتە 0.077 دیسان پەیوەستەییەکە زۆر لاوازە. سەبارەت بە پەیوەستەیی هەردو گۆڕاوی ڕەگەز و بێماناییش لاواز دەردەکەوێت، دەکاتە 0.121. دوا گۆڕاویش گۆڕاوی نامۆبونی کۆمەڵایەتییە کە بەهای پەیوەستەییەکەی لەگەڵ ڕەگەز هاوشێوەی گۆڕاوەکانی پێشخۆی لاواز دەردەکەوێت، دەکاتە 0.63

خشتەی (٢)

پەیوەستەیی تەوەرەکانی نامۆبون لەگەڵ گۆڕاوی ڕەگەز نیشاندەدات

| | | ڕەگەز | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | ئەنۆمی | بێمانایی | نامۆبوونی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | Pearson Correlation | 1 | .136** | 0.077 | .121* | .163** |
| | Sig. (2-tailed) | | 0.006 | 0.116 | 0.014 | 0.001 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | .136** | 1 | .302** | .450** | .354** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.006 | | 0 | 0 | 0 |
| | N | 409 | 409 | 409 | 408 | 409 |
| ئەنۆمی | Pearson Correlation | 0.077 | .302** | 1 | .221** | .192** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.116 | 0 | | 0 | 0 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| بێمانایی | Pearson Correlation | .121* | .450** | .221** | 1 | .632** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.014 | 0 | 0 | | 0 |
| | N | 412 | 408 | 412 | 412 | 412 |
| نامۆبوونی کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | .163** | .354** | .192** | .632** | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.001 | 0 | 0 | 0 | |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| ** Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | | | | | |
| * Correlation is significant at the 0.05 level (2-tailed). | | | | | | |

## گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەپەیوەندیدا بە نامۆبونی کۆمەڵایەتی لای گەنجان

بەمەبەستی دەستنیشانی هاوبەستەیی نێوان گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەگەڵ تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی، سودمان لە پەیوەستەیی (Correlation) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (٣) دا دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی زۆر لاواز لە نێوان گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و هەستکردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی، بێمانایی و دواجاریش نامۆبونی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە چ ئەوەی گەنجێک بیت ١٠ ساڵ بیت ئینتەرنێت بەکاردێنی یاخود دو ساڵ ئینتەرنێت بەکاردێنێ، لەپەیوەندیدا بە تەوەرەکانی سەرەوە جیاوازییەکی وەها نییە، چونکە بەهای پەیوەستەیی نێوان گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت هەریەکێک لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی، بێمانایی و نامۆبونی کۆمەڵایەتی دەکاتە ( ,0.067- ,0.089- 0.011- ,0.066) وەکو دیارە پەیوەندییەکە لە سفرەوە زۆر زۆر نزیکە؛ لە هیچ یەکێک لەو چوار تەوەرەدا نەگەیشتووە بە 0.1، بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەک لە نێوان ئەو گۆڕاوانەدا نییە.

خشتەی (٣)

پەیوەستەیی تەوەرەکانی نامۆبون لەگەڵ ساڵەکانی بەکارهێنانی نیشاندەدات

| | | چەند ساڵە ئینتەرنێت بەکاردێنی؟ | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | ئەنۆمی | بێمانایی | نامۆبوونی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چەند ساڵە ئینتەرنێت بەکاردێنی؟ | Pearson Correlation | 1 | -0.089 | -0.067 | 0.066 | -0.011 |
| | Sig. (2-tailed) | | 0.073 | 0.172 | 0.183 | 0.819 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | -0.089 | 1 | .302** | .450** | .354** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.073 | | 0 | 0 | 0 |
| | N | 409 | 409 | 409 | 408 | 409 |
| ئەنۆمی | Pearson Correlation | -0.067 | .302** | 1 | .221** | .192** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.172 | 0 | | 0 | 0 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| بێمانایی | Pearson Correlation | 0.066 | .450** | .221** | 1 | .632** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.183 | 0 | 0 | | 0 |
| | N | 412 | 408 | 412 | 412 | 412 |
| نامۆبوونی کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | -0.011 | .354** | .192** | .632** | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.819 | 0 | 0 | 0 | |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| ** Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | | | | | |

## گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەگەڵ نامۆبونی کۆمەڵایەتی لای گەنجان

بەمەبەستی دەستنیشانی پەیوەندیی گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەگەڵ نامۆبونی کۆمەڵایەتی لای گەنجان، سودمان لە پەیوەستەیی وەرگرت. وەکو لە خشتەی (٤) دا دەردەکەوێت، پەیوەندییەک، کە شایانی ئاماژە بێت، لە نێوان گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و هەر چوار تەوەری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی، بێمانایی و نامۆبونی کۆمەڵایەتیدا نییە؛ بەهای پەیوەستەییەکە زۆر کەمە و تا دێت لە سفر نزیک دەبێتەوە، بە جۆرێک بەهای پەیوەستەیی هەردو گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەوەری گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی دەکاتە 0.153- و بەهای پەیوەستەیی هەردو گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئەنۆمی دەکاتە 0.120- و بەهای پەیوەستەیی هەردو گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بێمانایی دەکاتە 0.041 و دواجار بەهای پەیوەستەیی هەردو گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و نامۆبونی کۆمەڵایەتی دەکاتە 0.073 پەیوەندیی دو تەوەر نەرێنی و دو تەوەریش ئەرێنییە، بەڵام چونکە زۆر لاوازە دەتوانین بڵێین تاک ڕۆژانە چەند کاژێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆ دروست ناکات و کەم و زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت پەیوەندییەکی شایانی باسی بە نامۆبونی کۆمەڵایەتییەوە نییە.

خشتەی (٤) پەیوەستەیی تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت نیشاندەدات

| | | ڕۆژانە چەند سەعات ئینتەرنێت بەکاردێنی | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | ئەنۆمی | بێمانایی | نامۆبوونی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژانە چەند سەعات ئینتەرنێت بەکاردێنی | Pearson Correlation | 1 | -.153** | -.120* | 0.041 | 0.073 |
| | Sig. (2-tailed) | | 0.002 | 0.015 | 0.41 | 0.14 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| گۆشەگیری کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | -.153** | 1 | .302** | .450** | .354** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.002 | | 0 | 0 | 0 |
| | N | 409 | 409 | 409 | 408 | 409 |
| ئەنۆمی | Pearson Correlation | -.120* | .302** | 1 | .221** | .192** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.015 | 0 | | 0 | 0 |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| بێمانایی | Pearson Correlation | 0.041 | .450** | .221** | 1 | .632** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.41 | 0 | 0 | | 0 |
| | N | 412 | 408 | 412 | 412 | 412 |
| نامۆبوونی کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | 0.073 | .354** | .192** | .632** | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.14 | 0 | 0 | 0 | |
| | N | 413 | 409 | 413 | 412 | 413 |
| ** Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | | | | | |
| * Correlation is significant at the 0.05 level (2-tailed). | | | | | | |

خشتەی (٥)

هێزی بڕگەکانی تەوەری گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی ڕوندەکاتەوە

| بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هێزی بڕگە |
|---|---|---|---|
| من کاتێکی زۆر لەسەر ئینتەرنێتم. | 2.66 | 1.31 | ناوەندە |
| ئینتەرنێت کارلێک و ناسیاویم لەگەڵ ئەو کەسانە زیاد دەکات کە هەمان حەزەکانی منیان هەیە. | 2.59 | 1.16 | ناوەندە |
| حەز ناکەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی تێکەڵاو بم. | 2.92 | 1.43 | ناوەندە |
| کاتێکی زۆرتر لە سەر ئینتەرنێتم تا دانیشتنم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم. | 3.31 | 1.31 | بەهێزە |
| لەبەر ئینتەرنێت بەشداری لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانی ئەندامانی خێزانەکەم ناکەم. | 3.77 | 1.26 | بەهێزە |
| لەبەر ئینتەرنێت، کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانم دەکەم بەرانبەر خۆم و خێزانەکەم. | 3.60 | 1.28 | بەهێزە |
| خۆشی لە تەنیایی دەبینم کە ئینتەرنێت بەکاردێنم. | 2.82 | 1.43 | ناوەندە |
| لەبەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ئاستی خوێندنم دابەزیوە. | 3.24 | 1.44 | بەهێزە |
| بەهۆی ئینتەرنێتەوە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم فرەوان بووە. | 2.63 | 1.32 | ناوەندە |
| ئەو وەختەی لەگەڵ برادەر و ناوسیاوەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەسەر دەبەم، زیاترە لەو وەختەی ڕوبەڕو لەگەڵیانم. | 2.88 | 1.35 | ناوەندە |
| پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت هێندەی ئەو پەیوەندییانە گەرموگوڕن کە لە ڕێگەی | 3.40 | 1.27 | بەهێزە |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp104-112

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیی ڕاستەوخۆی شەخسییەوە دروستم کردوون. | | | |
| لە ئەنجامدانی ئەرکە ڕۆژانەییەکانم لەگەڵ خێزان و برادەراندا، تەنبەڵی دەکەم. | 3.44 | 2.27 | بەهێزە |
| بەهۆی مەشغوڵبونم بە ئینتەرنێت، سەردانەکانم بۆ لای خزمان بە بەراورد بەجاران کەمبونەتەوە. | 3.04 | 1.38 | ناوەندە |
| زۆربەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت هەست بە تەنیایی یان گۆشەگیری دەکەن. | 2.93 | 1.35 | ناوەندە |
| ئینتەرنێت لە دورخستنەوەی تاکەکانی خێزان و برادەران و هەستکردن بە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی هەیە. | 2.53 | 1.36 | ناوەندە |
| تێکڕا | 3.05 | | |

بەپێی داتا و ئەنجامەکانی خشتەی (٥)، سەبارەت بە تەوەری گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، خراونەتەڕو، دەردەکەوێت گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ( ناوەند) دایە، چونکە ناوەندی ژمێریی (3.05)ە، بەمەش دەردەکەوێت کە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ناوەندە،

(من کاتێکی زۆر لەسەر ئینتەرنێتم، ئینتەرنێت کارلێک و ناسیاویم لەگەڵ ئەو کەسانە زیاد دەکات کە هەمان حەزەکانی منیان هەیە، حەز ناکەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی تێکەڵاو بم، خۆشی لە تەنیایی دەبینم کە ئینتەرنێت بەکاردێنم، بەهۆی ئینتەرنێتەوە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم فروان بووە، ئەو وەختەی لەگەڵ برادەر و ناوسیاوەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەسەر دەبەم زیاترە لەو وەختەی ڕووبەڕو لەگەڵیانم، بەهۆی مەشغوڵبونم بە ئینتەرنێت سەردانەکانم بۆ لای خزمان بە بەراورد بەجاران کەمبونەتەوە، بەزۆری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت هەست بە تەنیایی یان گۆشەگیری دەکەن، ئینتەرنێت لە دورخستنەوەی تاکەکانی خێزان و برادەران و هەستکردن بە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە) چونکە ناوەندی ژمارەیی تەنیا ئەو برگەیە ناوەندە (لە نێوان ٣.٢- ٢.٤) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت گۆشەگیریی کۆمەڵایەتیی گەنجان سەبارەت بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی ناوەند دایە.

سەبارەت بە برگە بەهێزەکان (کاتێکی زۆرتر لە سەر ئینتەرنێتم تا دانیشتنم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم، لەبەر ئینتەرنێت بەشداری لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانی ئەندامانی خێزانەکەم ناکەم، لەبەر ئینتەرنێت کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانم دەکەم بەرانبەر خۆم و خێزانەکەم، ئاستی خوێندنم دابەزیوە لەبەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت، پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت هێندەی ئەو پەیوەندییانە گەرموگوڕن کە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی شەخسییەوە دروستم کردوون، تەنبەڵی دەکەم لە ئەنجامدانی لە ئەرکە ڕۆژانەییەکانم لەگەڵ خێزان و برادەران)، چونکە ناوەندی ژمارەیی گشت برگەکان بەرزە (کشتیان سەروی ٣.٢ یە) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت گۆشەگیریی کۆمەڵایەتیی گەنجان سەبارەت بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی بەرزدایە.

خشتەی (٦)

هێزی برگەکانی تەوەری ئەنۆمی ڕوندەکاتەوە

| برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | هێزی برگە |
|---|---|---|---|
| ئینتەرنێت هەلی ناسینی دابونەریتی زۆر لە میللەتانی لە کۆمەڵگا جیاوازەکان ڕەخساندووە. | 1.94 | 1.01 | لاوازە |
| بەکارهێنانی ئینتەرنێت وادەکات تاکەکان بەهای ڕۆژئاوایی وەرگرن و بەها ڕەسەنەکان فەرامۆش بکەن. | 2.39 | 1.10 | لاوازە |
| ئینتەرنێت ئاسانکاریی بۆ وەرگرتنی بەها و بیری نوێ کردووە. | 1.97 | 0.99 | لاوازە |
| ئینتەرنێت لە وەرگرتنی بەها تاکایەتییەکان لەلایەن تاکەکانەوە لە جیاتی بەها کۆمەڵییەکان، ڕۆڵی هەیە. | 2.62 | 1.04 | ناوەندە |
| لەناو ئینتەرنێتدا، بە پێچەوانەی واقیع، یەکترناسینی خەڵک ئاسانە. | 2.44 | 1.20 | ناوەندە |
| من هەندێ بەهای کۆمەڵایەتیی باو ڕەتدەکەمەوە. | 2.84 | 1.19 | ناوەندە |
| ئینتەرنێت وای لە من کردووە بتوانم ڕەخنە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و یاساکانی بگرم. | 2.74 | 1.17 | ناوەندە |
| بەپێی ئەوە بێت کە لە ئێنتەرنێتدا هەیە، پێموایە ئینتەرنێت بۆ پێوەرە ڕاستەقینەکانی گەنجان جیهانێکی گونجاوە. | 3.08 | 1.27 | ناوەندە |
| من پابەندی ئەو پێنەما ئەخلاقییانە نابم کە بەدڵم نینە. | 2.76 | 1.36 | ناوەندە |
| تێکڕا | 2.53 | | |

بەپێی ئەو داتا و ئەنجامانەی لە خشتەی (٦)دا، سەبارەت بە تەوەری ئەنۆمی خراوەنەتەڕو، دەردەکەوێت کە ئەنۆمی لە ئاستی ( ناوەند) دایە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی (2.53)، بەمەش دەردەکەوێت کە ئەنۆمی لە ئاستی ناوەند دایە.

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری ئەنۆمی، وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بەم شێوەیە بو:

وەڵامی یەکەکانی نمونە توێژینەوە بۆ بڕگەکانی (ئینتەرنێت هەلی ناسینی دابونەریتی زۆر لە میللەتانی لە کۆمەڵگا جیاوازەکان ڕەخساندووە، بەکارهێنانی ئینتەرنێت وادەکات تاکەکان بەهای ڕۆژئاوایی وەرگرن و بەها ڕەسەنەکان فەرامۆش بکەن. ئینتەرنێت ئاسانکاریی بۆ وەرگرتنی بەهاو ئەفکاری نوێ کردووە)، لە ئاستی( لاواز)دایە، چونکە ناوەندی ژمارەیی ئەو برگانە لاوازە (کەمتر ل٣ ،٢.٤ )،

سەبارەت بەو برگانەش (ئینتەرنێت لە وەرگرتنی بەها تاکایەتییەکان لەلایەن تاکەکانەوە لە جیاتی بەها کۆمەڵییەکان، ڕۆڵی هەیە، لەناو ئینتەرنێتدا، بە پێچەوانەی واقیع، یەکترناسینی خەڵک ئاسانە، من هەندێ بەهای کۆمەڵایەتیی باو ڕەتدەکەمەوە، ئینتەرنێت وای لە من کردووە بتوانم ڕەخنە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و یاساکانی بگرم،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp104-112

من پابەندی ئەو پێنەما ئەخلاقییانە نابم کە بەدڵم نینە، بەپێی ئەوە بێت کە لە ئێنتەرنێتدا هەیە، پێموایە ئینتەرنێت بۆ پێوەرە ڕاستەقینەکانی گەنجان جیهانێکی گونجاوە)، چونکە ناوەندی ژمارەیی تەنیا ئەو بڕگەیە ناوەندە (لە نێوان ٣.٢- ٢.٤) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ئەنۆمی گەنجان سەبارەت بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی ناوەند دایە.

خشتەی (٧)

هێزی بڕگەکانی تەوەری بێهانایی ڕوندەکاتەوە

| بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هێزی بڕگە |
|---|---|---|---|
| جیهانی ئینتەرنێت وای لێ کردووم هەست بکەم هیچ هیوا و خەونێکم نییە. | 3.52 | 1.42 | بەهێزە |
| کاتێک نوقمی ناو ئینتەرنێت دەبم، هەستدەکەم ئامرازێکم ماڵپەڕەکان دەمجوڵێنن و بواری ئەوەم نییە خۆم کۆنترۆڵ بکەم. | 3.18 | 1.31 | ناوەندە |
| ئینتەرنێت وای لە من کردووە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەم ڕەتبکەمەوە. | 3.50 | 1.32 | بەهێزە |
| کاتێک دەچمە ناو ئینتەرنێت هەست دەکەم ئینتیمام بۆ کۆمەڵگای خۆم نییە. | 3.34 | 1.28 | بەهێزە |
| ئینتەرنێت منی لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕزگار کردووە، چونکە بێهانان. | 3.64 | 1.23 | بەهێزە |
| بەبێ ئینتەرنێت ژیانی من بێهانایە. | 3.46 | 1.37 | بەهێزە |
| تێکرا | 3.44 | | |

بەپێی ئەو داتا و ئەنجامانەی لە خشتەی (٧)سەبارەت بە تەوەری بێهانایی خراوەنەتەڕو، دەردەکەوێت بێهانایی لە ئاستی (بەرز)دایە، چونکە ناوەندی ژمێریی (3.44)ە. سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری بێهانایی وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بەم شێوەیە بو:

وەڵامی یەکەکانی نمونە توێژینەوە بۆ بڕگەکانی (جیهانی ئینتەرنێت وای لێ کردووم هەست بکەم هیچ هیوا و خەونێکم نییە، ئینتەرنێت وای لە من کردووە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەم ڕەتبکەمەوە، کاتێک دەچمە ناو ئینتەرنێت، هەستدەکەم ئینتیمام بۆ کۆمەڵگای خۆم نییە، ئینتەرنێت منی لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕزگار کردووە، چونکە بێهانان، بەبێ ئینتەرنێت ژیانی من بێهانایە) لە ئاستی(بەهێز)دایە، چونکە ناوەندی ژمارەیی گشت بڕگەکان بەرزە (گشتیان سەرووی ٣.٢ یە)، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت بێهانایی گەنجان سەبارەت بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی بەرزدایە. سەبارەت بە بێهانایی گەنجان تەنیا یەک بڕگە لە ئاستی ناوەندابو ئەوەش (کاتێک نوقمی ناو ئینتەرنێت دەبم هەستدەکەم ئامرازێکم ماڵپەڕەکان دەمجوڵێنن و بواری ئەوەم نییە خۆم کۆنترۆڵ بکەم)، چونکە ناوەندی ژمارەیی تەنیا ئەو بڕگەیە ناوەندە (لە نێوان ٣.٢- ٢.٤) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت بێهانایی گەنجان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی ناوەنددایە.

خشتەی (٨)

هێزی بڕگەکانی تەوەری ئامانجەکان ڕوندەکاتەوە

| بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هێزی بڕگە |
|---|---|---|---|
| کاتێک دەچمە سەر هەندێک ماڵپەڕ لەبیرم دەچێت بیر لە ئامانجەکانی داهاتوم بکەمەوە. | 2.88 | 1.31 | ناوەندە |
| بەکارهێنانی ئینتەرنێت وای لێ کردووم هەست بکەم هچ هیوا و خەونێکم نییە. | 3.66 | 1.24 | بەهێزە |
| دوای ئەوەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنم دەتوانم گوزارشت لە بیروڕایەکانم بکەم و ڕەخنە لە هەندێک بابەت بگرم. | 2.43 | 1.09 | ناوەندە |
| لەو کاتەوەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنم ترسم لە داهاتوی خۆم هەیە. | 3.42 | 1.30 | بەهێزە |
| تێکرا | 3.10 | | |

بەپێی ئەو داتا و ئەنجامانەی لە خشتەی (٨)سەبارەت بە تەوەری ئامانجەکان خراوەنەتەڕو، دەردەکەوێت ئامانجەکان لە ئاستی ( ناوەند) دایە، چونکە ناوەندی ژمێریی (3.10)یە. سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری ئامانجەکان وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بەم شێوەیە بو:

وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بۆ بڕگەکان (بیرم دەچێت بیر لە ئامانجەکانی داهاتوم بکەمەوە، دوای ئەوەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنم دەتوانم گوزارشت لە بیروڕایەکانم بکەم و ڕەخنە لە هەندێک بابەت بگرم)، چونکە ناوەندی ژمارەیی گشت بڕگەکان ناوەندە (لە نێوان ٣.٢- ٢.٤) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ئامانجەکانی گەنجان سەبارەت بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئاستی ناوەنددایە.

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری ئامانجەکانی دیکە (بەکارهێنانی ئینتەرنێت وای لێ کردووم هەست بکەم هیچ هیوا و خەونێکم نییە، لەو کاتەوەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنم ترسم لە داهاتوی خۆم هەیە)،

چونکە ناوەندی ژمارەیی گشت بڕگەکان زۆر بەرزە (گشتیان سەرووی ٣.٢ یە).

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١. بەپێی هێزی بڕگەی تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی، دەردەکەوێت تەنیا بێهانایی لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢. بەپێی هێزی بڕگەی تەوەرەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی بێت، هەرسێ تەوەری (گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، ئەنۆمی و ئامانجەکان) لە ئاستێکی ناوەنددان.

٣. دەتوانین بڵێین ئینتەرنێت کاریگەریی لەسەر نامۆبونی کۆمەڵایەتیی گەنجان، لە شاری هەولێر، هەیە.

٤. گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت پەیوەندییەکی زۆر لاواز نیشاندەدات، واتە زیاتر لە چوار ساڵ بێت یان کەمتر لە چوار ساڵ، کە گەنج ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت، پەیوەندییەکی زۆر لاواز بە نامۆبون نیشاندەدات، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین ماوەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە درێژمەودادابێت یان کورتمەودا و ساڵەکان کەمیش بن

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp104-112

کاریگەریی لەسەر نامۆبون ناگۆڕێت و دەتوانین بڵێین تاکەکان بەهەمان ڕێژە نامۆدەبن. واتە ئەگەر نامۆبونیش هەبێت پەیوەندیی بە زەمەن و ساڵەکانی بەکارهێنانەوە نییە.

٥. گۆڕاوی کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بەهەمان شێوەی گۆڕاوی ساڵەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، پەیوەندییەکی زۆر لاواز نیشاندەدات و بەهای پەیوەستەیی (کۆڕەلەیشن) لە سفرەوە نزیکە. واتە گەنج ڕۆژانە کەمتر یان زیاتر لە سێ کاژێر ئینتەرنێت بەکاربهێنێت، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە نامۆبونی گەنجانەوە نییە.

پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین ئینتەرنێت پەیوەندیی بە نامۆبونەوە هەیە، بەڵام گۆڕاوی ڕەگەز، ساڵەکانی بەکارهێنان و کاژێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕۆژێکدا زۆر پەیوەندییان بە نامۆبونەوە نییە، بەڵکۆ پێویستە بەدوای گۆڕاوی دیکەدا بگەڕێین و توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدرێت لەم بارەوە، واتە لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەبو بزانین پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە (ئینتەرنێت و نامۆبون) هەیە؟ هەروەها ئایا ئەو پەیوەندی و کاریگەرییە بەپێی سێ گۆڕاوی ڕەگەز، ساڵەکانی بەکارهێنان و کاژێرەکانی بەکارهێنان چۆنە و زیاد و کەم دەکات؟ پێمانوایە ئەو توێژینەوەیە وەڵامی ئەوەی داوەتەوە، ڕەنگە بۆ باشتر تیشکخستنە سەر ئەو گۆڕاوانەی کە کاریگەرییان هەیە، پێویست بکات توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدرێت و گۆڕاوی دیکە تاقی بکرێتەوە.

## سەرچاوەکان


ابراهیمی لویه، عادل، صحبتی ها, رضایي زاده و همایون (2014) بیگانگی اجتماعی جوانان و عوامل مؤثر بر آن (مورد مطالعه: جوانان 20 تا 30 سالۀ شهرستان خدابنده). بررسی مسائل اجتماعی ایران, 5(1), pp.1-17.

پل اس. لوی و استنلی لمی شو (2004) نمونه‌گیری روشها و کاربردها. ترجمه گیتی مختاری امیر مجدی. چاپ دوم. پژوهشکده امار.

الذيفاني، د.عبدالله احمد (2001) ، الشباب العربي المعاصرة من منظور فكري و تربوي، بيت الحكمة بغداد.

رضايي, بساطيان, & جعفريان. (2015). عوامل اجتماعی موثر بر بیگانگی اجتماعی زنان شاغل شهر خرم آباد. مطالعات ملی, 63(16), 83-100.

الصبيحي، محمد بن سليمان, & د. حمد بن ناصر الموسى. (2020). العلاقة بين استخدامات الإنترنت والاغتراب الاجتماعي لدى الشباب: دراسة ميدانية على عينة من الشباب والشابات في مدينة الرياض. مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية, (26).

عبدالله، چنار سعد (2005) کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هوشیاری نەتەوەیی کورد دوای راپەرینی ١٩٩١. وەزارەتی رۆشنبیری. بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری هونەر. هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

عبدالله، جلال احمد (٢٠١٠) رەهەندەکانی نامۆبونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەنجان، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

العلاف، ابراهيم خليل (٢٠٢٣) تاريخ الانترنت في العراق، الحوار المتمدن-العدد: 7548. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=786199

عليان،ربحي مصطفي و عمثان محمد غنيم، (2013)أساليب البحث العلميالأسس النظرية والتطبيق العملي، عمان: دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع.

المغربى، كامك محمد (2006) اساليب البحث العلمى فى العلوم الانسانية و الاجتماعية. . عمان: دارالثقافه.

ميرزايي، خ.، & خليل. (2019). مطالعه رابطه بین مصرف رسانه‌ای و بیگانگی فرهنگی-اجتماعی در میان جوانان تهرانی. مطالعات جامعه شناختی (نامه علوم اجتماعی سابق), 25(2), 653-690.

نادری، عزت الله و نراقی، دکتر مریم سیف (2004) روشهای تحقیق و چگونگی ارزشیبابی ان در علوم انسانی. چاپ بیست و چهارم. تهران: دفتر تحقیقات و انتشارات بدر.

Aitcheson,J. Lewis,D.(2003) New Media Language, London, Routlege.

Baaij, E., 2012. Safe Internet Use (Master's thesis, University of Twente).

Bartlett, J.E., Kotrlik, J.W. and Higgins, CC. (2001) Organizational Research: Determining Appropriate Sample size in survey Research. Information Technology, Learning, and Performance Journal, 19.

Cohen-Almagor, R. (2013). Internet history. In Moral, ethical, and social dilemmas in the age of technology: Theories and practice (pp. 19-39). IGI Global.

Friedmann, F.G (1971) Youth and society, New York: Macmillan Education.

Henze,Valeska (2015) Youth, Revolt, Recognition The Young generation during and after the ‘’Arab Spring’’, Edited by Isabel Schäfer, Mediterranean Institute Berlin.

Kalekin‐Fishman, D. (2006). Studying alienation: toward a better society?. Kybernetes, 35(3/4), 522-530.

Ludz, P. C. (1976). Alienation as a Concept in the Social Sciences. In Theories of alienation: Critical perspectives in philosophy and the social sciences (pp. 3-37). Boston, MA: Springer US.

Najafibabanazar, M. (2018). Literary encoding of modernist alienation in the language and spaces of James Joyce’s Ulysses and Sadeq Hedayat’s the Blind Owl.

Sarfraz , Hamid (2015) Alienation: A Theoretical Overview, Pakistan Juornal of Psychological Research Vol.12, Nos. 1-2, 1997, 45-60 .

Schaefer, T.R (2005) Sociology, 9th ed. New York: Mc Graw-Hill.

Sarfraz, H. (1997). Alienation: A theoretical overview. Pakistan Journal of Psychological Research, 12(1-2), 45-60.

Saleem, A., & Bani-ata, H. (2014). Theme of alienation in modern literature. European Journal of English Language and Literature Studies, 2(3), 67-76.

Williams, Carrie (2007) Research Methods, Journal of Business and Economic Research, Grand Canyon University, Volume 5, N. 3,

Williams, Carrie. Research Methods, Journal of Business and Economic Research, Grand Canyon University, Volume 5, N. 3, 2007, P.65-72.